# ئایا سەرۆك كۆماری عێراق وەك پارێزەرێك قایلە بەوەی، بڕیارەكانی لەپێناوی تاوانبارێكدا پێچەوانەی ڕێساكانی یاسای نێودەوڵەتی بن ؟!

**عومەرمحەمەد**



سوڵتان هاشم پێشەوای فەیلەقی یەك و پێشەوای سەربازی پەلامارەكانی ئەنفالی یەك، دواجاریش وەزیری بەرگری ڕژێمی صدام، هەرتاوانبارنیە بەكۆمەڵكوژی گەلی كورد، بەڵكو تاوانبارە بە تاوانی نیودەولەتی"جینۆساید"و ڕەفتارەكانی سنوری تاوانی ئاساییان بەزاندووە، بۆیە دادگا بەتاوانی( دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، تاوانی كۆمەڵكوژی) چوارسزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاند. لەدوای دەرچوونی ئەو سزایانەوە ئەومشتومڕەی ئێستا لەمەڕ لەسێدارە نەدانی تاوانبار(سوڵتان هاشم) هاتووەتە گۆڕێ پاشخانێكی سیاسی هەیەو لەیاسابەدەرە .

بەپێی بەندی 11و12و13و14ی یاسای ژمارە(10)ی عێراقی وهەروەها بەپێی بەندی شەشەمو حەوتەمی یاسای نێودەوڵەتیش ئەو تاوانانەی ناوبراوی لەسەر سزا دراوە تاوانی جینۆسایدو مەترسیدارترین تاوانەو ئەنجامدەرانی لەدادگایەكی ناوخۆدا یان لەدادگایەكی نیودەولەتی تایبەتمەندا محاكەمە دەكرێن و سزای تاوانەكانیان وەردەگرن، و هیچ پاساوێكیش نابێتە مایەی بەخشین یان سوككردنی سزاكانیان، بۆیە تاوانبارانی ئەنفالیش لەسزا دەربازنابن و، تۆمەتەكانیان لەسەر سوك ناكرێت. چونكە ئەوجۆرە تاوانانە هیچ حەصانەیەكی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی نایانگرێتەوە.

ئەوەی بە لێدوانەكانی ئەم دواییەی سەرۆك كۆماری عێراق و جیگرەكەشی دەگەڕێتەوە هیچ یاسایەكی ناوخۆیی و نیونەتەوەیی پشتگیری لەپاساو هێنانەوەكانیان ناكات، چونكە هیچ بەندوبرگەیەكی یاسایی، ئەومافەیان پێنابەخشێ بە سیفەتی سەرۆكی كۆمار یان دەسەڵاتی دەولەتی پەنای تاوانبارانی جینۆساید بدەن و لەدوای بریاری دادگاوە بێگوناهییان بسەلمێنن.

سولتان هاشم بەرلەوەی دادگا بڕیار لەبارەیەوە بدات، تۆمەتباربوو بەتاوانی ( ئەنفال) كە بەمادەكانی ("11تاوانی كۆمەڵكوژی" 12 تاوانی دژی مرۆڤایەتی " 13 تاوانی جەنگ")ی یاسای ژمارە(10) دوای دەستگیركردنی لێپێچینەوەی لەگەڵ كراوەولەمیانی دادگایكردنیشیدا وەكو هەموو تۆمەتبارانی تر مافی تەواوییان "بەزیادەوە" هەبووە بۆئەوەی شایەت و بەڵگەی بەرائەتی خۆیان ئامادەبكەن و داكۆكی لەخۆیان بكەن، ئەوسا هەرهاوڵاتی یەكی عێراقی یان ناعێراقی مافی ئەوەی هەبوو، بۆ بێتاوانی هەریەك لەتۆمەتبارانی ئەنفال تێبكەوێ ولەدادگا وەكوشایەت ڕۆڵێك بگێرێت بۆئەوەی بێتاوانیان بسەلمێنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لەدادگا جگەلەوەی كەس شایەتی بۆنەدان، ڕەفتاروسیاسەتی دەسەڵاتداریێتیان و بەڵگەو دۆكۆمێنتەكان بۆدادگایان سەلماند، كەئەنجامدەرانی دۆسێی تاوانی ئەنفال بە شێوەیەكی سیستماتیك ونەخشەوپلانی پێش وەختەوە مەترسیدارترین تاوانیان لەدژی كوردو مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، بۆیە دادگا تاوانی، ڕۆژی 2007/6/24 لەخوێندنەوەی بریارێكی فەرمیدا لەبەردەمی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن سیفەتەكانیان لەتۆمەتبارەوە بگۆرێ بۆ تاوانباری نائاسایی و وەكو تاوانباری نیودەوڵەتی سزیان بەسەردا بسەپێنێ.

بۆیە ئەوەی سەرۆك كۆماری عێراق و جیگرەكەی لەبارەی تاوانبار سوڵتان هاشمەوە رایدەگەیەنن، كە واژۆی لەسیدارەكەی ناكەن

لەبەر ئەوەی پیاوێکی چاکەو لەسەروەختی ئۆپزسیۆندا پەیوەندی پێیانەوە هەبووە، نابنە پاساوی یاسایی تا ببەخشرێن، یان سزکەیان سوك بکرێت، راستە سەرۆك کۆمار مافی ئەوەی هەیە حەصانە ببەخشێتە تاوانبارانی ئاسایی و بیانبورێت یان سزاکەیان لەسەر سوك بکات، بەلأم سەبارەت بەسولّتان هاشمی وەزیری بەرگری رژێمی پێشوو کەئێستا بەتاوانی جینۆساید سزا دراوەو چوار سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، بەکارهێنانی حەصانەی سەرکردایەتی بۆ بێتاوانی پێچەوانەی بڕگەی 2ی بەندی 27ی یاسای ناوخۆو لەهەمانکاتدا پێچەوانەی بەندی چوارەمی یاسای نیودەولەتیەشە کە دەلێت: ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید، سزادەدرێن ئەگەر دەسەلاَتدارانی دەولەت" دەستوری" یان کارمەندی گشتی، یاخود تاکە کەس بووبن.([1]) واتە وەزیری بەرگری پێشوو وەکو هەرتۆمەتبارێکی ترمامەڵەی یاسایی لەگەلّ دەکرێت و پلەوپایەکەی، نابێتە هۆی ئەوەی لەیاساو سزای تاوانەکەی دەربازبێت. بەدیۆیکی تریشدا سولّتان هاشم ئەگەرپیاوێکی چاکیش بووبێت و تەنها وەزیفەی جێبەجێکردبێت و بڕیاری کۆمەلکوژیەکانی بەنیوەناچلّی و بەوپەڕی نابەدلّیشەوە جێبەجێکردبێت، نابنە هۆی ئەوەی یاسا لەتاوانەکەی ببورێت.

دادگای بالأی تاوانەکانیش بەپێی بەندی یەکەمی یاساکە، دادگەیەکی تەواو سەربەخۆیە.. واتە پەیوەندیدارنیە بەوەی تاوانباران، لەدەرەوەی دادگا هەلویستی سیاسییان چی وچۆن بووە، ئۆپزسیون بون یان لەگەلّ رژێمی بەعس بوون، بەلّکو ئەولە تاوانەکانیان دەکولێتەوە نەك لەئینتمای سیاسیان، ئەوەش لەبەرچاو ناگرێت ئاخۆ تۆمەتباران تاسەر لەگەلّ صدام حسێن و رژێمەکەی ماونەتەوە یان هەلأتوون و ئۆپزسیون بوون، وەفیق سامەرائی بەرێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی ونزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای دەولەتی پێشوو، دوونمونەی زیندوون کەلەگەلّ صدام حسین نەمانەوەو زوو هەلأتن و ڕیزەکانی سوپایان بەجێهێشت، کەچی یاسا چاوپۆشی لەتاوانەکانی ڕابوردوویان نەکردووەوئێستا هەردوو تۆمەتباری تاوانی ئەنفالن و لەلایەن دادگاوە داواکراون بۆئەوەی دادگاییان بکات، بۆیە تاوانبارێکی وەکو سولتان هاشم (ئەگەرچی تا دوا چرکە ساتەکان لەگەلّ صدامدا مایەوەوبەرگری لێکرد) پەیوەندی بەئۆپزسیونەوە هەبووبێت یان نا، نابێتە پاساو، هەروەها شەفاعەتی سەرکردایەتی ئەمرۆی دەولّەتی عێراقیش فریای ناکەون، مەگەر بە زۆرەملیّ کەئەویش دەبێتە سوکایەتی کردنێکی بێپەردە بەهەیبەتی دادوەری ولأت لەپێناوی تاوانبارێکی نێودەولّەتیدا.

ئاخۆ سەرۆك کۆمار وەك یاساناسێك، قایلە بەوەی بڕیارو فەرمانەکانی لەپێناوی تاوانبارێکی نیودەولّەتیدا پێچەوانەی رێساکانی یاسای نێودەولّەتی و یاسای ناوخۆی ولأتەکەی بن ؟! مەگەر سەرۆك کۆماری عێراق لەهەمووان باشتر نازانیّ کۆسپ دروستکردن بۆ دادگایکردنی تاوانبارانی جینۆساید، بەتاوانی نێودەولّەتی لەقەلّەم دەدرێت؟ نازانێت یاسای نێودەولّەتی لەمەسەلە هاوبەشەکانی تاوانی جینۆسایدکردندا وەکو یەك لەکاری پۆزەتیڤ و بێدەنگی هەلّبژاردن، یان خۆلادان دەڕوانێت، چ جای جەختکردنەوە لەسەر سزانەدانیان. !!

لەماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (10) دا هاتووە، دادگای بالأی تاوانەکان سەربەخۆیی تەواوی هەیەو: (دەسەلأتی لێپێچینەوەو سزادانی هەموو کەسێکی تۆمەتباروگومانلێکراوی هەیە، جاعێراقی بێت یان ناعێراقی، ئەگەربێت و لەناوخۆی عێراقدا نیشتەجیّ بێت)[2] هەروەها بەپێی بڕگەی 2 لە ماددەی 27ی یاساکە، هەرتۆمەتبارێك لەلایەن ئەوداگایەوە سزای بەسەردا سەپێنرابیّ، هیچ دەسەلأتێك، " جالەهەر پۆستێکی دەسەلأتدابێت" تەنانەت سەرۆك کۆماریش مافی ئەوەیان نیە

---

[1] بروانة ثةيمانامةى نيودةولةتى بؤ قةدةغةكردنء سزا خستنة سةر ئةنجامدةرانى – بةندى ضوارةم.

[2] بروانە بەندی یەکەمی ژمارە 10ی یاساکە.

لەسزاکەی کەم بکەنەوە، یان بیبەخشێت.
پێویستە ئەوەش بزانین کەوا تاوانی ئەنفال بەوپێەی دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە، سنوری ناوچەونەتەوەوکۆمەلێکی دیاریکراودەبەزێنی، واتە ئەوتاوانانەی سولتان هاشمو ئەوانی تر ئەنجامیانداون لە ئەنفالەکاندا، تەنها تاوانین دژی گەلی کورد، بەلکو تاوانی مەترسیدارن دژ بەکۆی مرۆڤایەتیو هەرەشەن بۆسەرکۆمەلگەی نیودەولەتی، بۆیە بەشەفاعەتی سەرکردەیەکی کورد، یان غەیری کورد نە تاوانەکەی لەسەر لادەچێتونە سزاکەشی سوکدەکرێت، بەلکو بەپێی ماناو ناوەرۆکی یاسای نێودەولەتی تاوانی ئەنفال دژ بەهەموو مرۆڤایەتیو زیندەگی یە، هەربۆیەشە دادگای بالای تاوانەکانی عێراق لەڕووی ئەخلاقییەوە ناتوانێت پێچەوانەی دادگای عەدلی نێودەولەتی بڕیار لەبارەی سزاو بەرائەتی تاوانبارانی جینۆسایدەوە بدات. لەبەرئەوەی دادگایەکی تایبەتمەندە بۆ لێپێچینەوە لەتاوانی جینۆساید.
بێگومان یاسای ژمارە (10)ی عێراق، دەسەلاتێکی گرنگتریشی هەیە، کەلێبوردنە سیاسیەکان، لەنمونەی ئەوەی بەرەی کوردستانی لەسالی 1991 بۆ موستەشارەکوردەکانو بەعسیەکانی دەرکردبوو هەلبوەشێنێتەوە: هەروەکو لەداواکردنی تۆمەتبارە کوردەکانو وەفیق سامەڕایی راوێژکاری سەرۆك کۆماردا بەروونی دەرکەوت " هەرلێبوردنێك لەپێش جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە" واتە لەپێش دامەزراندنی دادگاکەوە" دەرچووبێت بۆ لێبوردنی تۆمەتبارانو گومانلێکراوانی تاوانێکی هاوشێوەی ئەنفال یان بەندەکانی (11، 12، 13 ، 14)بیانگرێتەوە پوچەلٚ دەکرێنەوە.
کەواتە سزانەدانولەسێدارە نەدانی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال بەومانایە دەشکێتەوە، کەسەروەری عێراق لەسێدارە دەدرێتومتمانەی هاولاتی بەئایندە لەق دەکات، چونکە زەوتکردنی سەربەخۆیی دادگا، پێچەوانەی ئێرادەی گەلانی عێراقو کۆمەلگەی نێودەولەتی و بێبایەخکردنی هەیبەتی یاساودادوەرییە، بەتایبەتی ئەگەرلەپێناوی چەند تاوانبارێکی نێودەولەتیدا کەلەمێژووی دەسەلاتیاندا زەرەری گەورەیان لەهیبەتوسومعەی کۆمەلگەی عێراقی داوەو لەبەردەم ڕای گشتی جیهان روخساری کۆمەلگەی عێراقیان شێواندووەو سەرخانی رۆشنبیریو ژێرخانی ئابوری ولاتیان وێرانکردووەو هەتا ئێستاش هاولاتییە عێراقیەکان باجی رەفتاری ئەوتاوانبارانە دەدەن.
بۆیە هەقی خۆیەتی سزای خۆیان وەرگرنوعێراقیەکانیش بەتایبەتی گەلی کوردستان بەپێچەوانەی کەلتوری تاوانبارانی بەعسەوە ئایندەی خۆیان بنیات بنێنەوە.